# ئەمریکاو کێشەی یەک پارچەیی عێراق

**سەردار عەزیز**

هێشتنەوەی عێراق وەک وولاتێکی یەک پارچە سیاسەتی فەرمی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە لە ئێستادا. بۆباشتر تێگەیشتن لەم دیدە پێویستە لە چەند رەهەندێکەوە هەڵبسەنگێنرێت. دیدی یەکەم ئایا لە بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکادایە کە عێراق وولاتێکی یەک پارچە بێت. یان فشاری هێزەکانی ناوچەکەیە کە وەها ئەکەن لە ئەمریکا خاوەنی هەڵوێستێکی لەو جۆرەبێت. یان ترسی ئەمریکایە لەوەی کەوا کارێکی وەها ببێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی ناوچەکە بە جۆرێک کە نەوت بە رادەیەک وەها کەم بێت یان گران بێت کە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی داروخانی بازار و ئابوری جیهانی.

با سەرەتا لە بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکاوە دەست پێبکەین، کە بێگومان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکانی ترەوەیە، بۆ ئەمریکا. بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا دەکرێت بە سێ بەشەوە. (ئەم پۆلێنکردنە لە ناوەندی نیکسۆن بۆ لێکۆلینەوەی ستراتیژی وەرگیراوە). یەکەم، بەرژەوەندیە هەرە هەرە گرنگەکان کە خۆی لە مانەوەی ئیسرائیل وەک وولاتێک، بەردەوام بوونی رۆشتنی نەوت، رێگرتن لە هەر وولاتێکی ناوچەکە بە پەیداکردن یان بوون بە خاوەنی چەکی کۆکوژ و نەمانی تیرۆردا خۆی دەبینێتەوە.

دووەم، بەرژەوەندیە زۆر گرنگەکان دێت، کە بریتین لە یەکەم، رێگەگرتن لەوەی هێزێکی نەیاری ئەمریکا دەست بەسەر ناوچەی کەنداوی فارسیدا بگرێت، دووەم، بەردەوام بوونی پرۆسەی ئاشتی، سێهەم، هێشتنەوەی ئەو رژێمانە لە سەر حوکم کە سەر بە ئەمریکان. چوارەم هێشتنەوە و سنوربەندکردنی تیرۆریزم لە وولاتانی ناوچەکەدا. سێهەم کە بەرژەوەندیە گرنگەکانن بریتین لە گەشەی دیموکراسیەت و کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ لە ناوچەکەدا.

ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین ئایا مانەوەی عێراق وەک وولاتێک چۆن دەچێتە نێو خانەی ئەم بەرژەوەندیانەوە. لە لایەکەوە نەمانی عێراق وەک هێزێکی گەورە و نەیار لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدایە. شایانی باسە زۆرێک لە عەرەب و ئیسلام و چەپەکان هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق وەها دەبینن کە بۆ فەراهەمکردنی ئەم ئامانجەبێت. لە هەمانکاتدا عێراق سەرزەمینی فیکری ناشیونالیستی عەرەب، کە بوونی خۆی لە نەیارێتی وولاتی جولەکەدا دەبینێتەوە.

بەلام کە باس دێتە سەر نەوت کێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە. لە سەرەتای هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق پلان وەها بوو کە وولاتەکە لە لایەن سیاسەتمەداران و کۆمپانیاکانی ئەمریکاوە بەرێوەببرێت، یان هیچ نەبێت سیستەمێکی وەها بێتە کایەوە کە بۆ سەردەمێکی درێژخایەن عێراق دۆستی نزیکی ئەمریکا بێت. بۆیە هێشتنەوەی عێراق وەک وولاتێک لە رووی نەوتەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکایە. هەرچەندە یانزەی سێپتەمبەر و شەری تیرۆر و خەونی ئیمپراتۆریەتی دونیاو پاریزەرە نوێکان دیدێکی تریان دابە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بە جۆرێک ئەمریکا ئارەزووی دەستێوەردان و گۆران و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی هێنایە نێو سیاسەتی دەرەوەی خۆیەوە (گەر کەسێک دەخوازێ لەم روانگەیەوە زیاتر شارەزابێت دەتوانی بۆ کارەکانی رۆبەرت کێگان بگەرێتەوە). بەلام بە رۆشتنی بۆش ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پلانانە ببنە هەڵم.

بەلام ئەو رەهەندەی کە کێشەکان هێندەی تر ئالۆزئەکات رەهەندی رەنگدانەوەی گۆرانی دۆخی سیاسی عێراقە لە ناوچەکەدا. ئایا ئەو گۆرانانەی کە ئەگەری ئەوەیان هەیە بێنە دی لە بەرژەوەندی ئەمریکادا دەبن. سەرەتا ئەگەر بگەرێینەوە بۆ یەکێک لە ستراتیژیەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کە لە هەمانکاتدا لە گەڵ ستراتیژیەتی کۆمەلێک وولاتی تر کە لە ناوچەکەدان هاوئاهەنگە وەک سعودیە، ئوردون، سەرتاپا وولاتانی عەرەبی کەنداوی فارس، کە لە هەمانکاتدا دۆستی نزیکی ئەمریکان، ئەویش رێگرتن لە بالا دەست بوونی وولاتێکی نەیاری ئەمریکا لە ناوچەکەدا کە لە رۆژگاری ئەمرۆدا لە وولاتی ئێراندا خۆی دەبینێتەوە. پارچە پارچەبوونی بوونی عێراق، ئەگەر نەبێتە هۆی گەورەبوونی جوگرافیای ئێران، ئەوا بەبێ گومان دەبێتە هۆی فراوان بوونی دەسەلاتی سیاسی ئێران لە ناوچەکەدا. بۆیە چ ئەمریکا و چ دۆستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەمیشە لە هەولێ ئەوەدان کە عێراق وەک خۆی بمێنێتەوە.

بەلام لە لایەکی ترەوە عێراقێک کە ئەگەر وەک خۆشی بمێنێتەوە ئەوا شیعە تیایا حاکم ئەبێت، یان بەلانی کەم هێزی بالا دەست

دەبێت. ئەمە ناچارمان ئەکات تۆزێک بیر لە شیعەگەرێتی بکەینەوە. شیعە چ لە رووی تیولۆژیەوە و چ لە رووی رامیاریەوە هیچ ئەگەری ئەوەیان لێناکرێت کە لە داهاتودا کاتێک عێراق هێمن دەبێتەوە ببنە دۆستی ئەمریکا. لەلایەنی تیولۆژیەوە شیعە لە ئێرانەوە نزیکن بەڵام لە لایەنی رامیاریەوە خۆیان بەعێراقی رەسەن دەزانن. بۆیە ئەگەر لە داهاتوودا هەر وولاتێکی شیعە لە باشوری عێراق دروست بێت، لە ژێر ناوی کۆماری سۆمەردا دەبێت، لە بری هەر ناوێکی تر. ئەوەی ئاشکرایە نەک هەر گروپی سەددر بەڵکو سەرتاپا گروپە شیعەکان پەیوەندیان لە گەڵ ئەمریکا پەیوەندیەکی تاکتیکیە زیاتر تا ستراتیژی. بۆیە ئەمریکا لەوە دڵنیایە کە عێراقێکی دیموکراسی عێراقێکی دژە ئەمریکا دەبێت. وە لە هەمانکاتدا عێراقی شیعە لە داهاتوودا عێراقی دژ بە ئیسرائیل دەبێت.

پێش ئەوەی بێینە سەر عەقڵی ئەمریکی و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم ئاڵۆزیانەدا با تۆزێک قسە لە سەر رۆڵی کورد بکەین. پەیوەندی کورد و ئەمریکا پەیوەندیەکی ئاڵۆزە. ئەم پەیوەندیە بەرهەمی ستراتیژیەتێکی هاوبەش نیە بەڵکو بەرهەمی واقیعە، بۆیە هەمیشە لە مەترسی ئەوەدایە؛ چی ئەبێت ئەگەر واقیعەکە گۆرا. لە هەمانکاتدا ئەم پەیوەندیە رەهەندی زۆر زۆری هەیە کە پێویستیان بە خوێندنەوەیە، (یەکێک لەو رەهەندە گرنگ و ئاڵۆز و پڕ لە ئیشکالیەتە، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا قسەی لەسەر ئەکەم، رەهەندی دیموکراسیە. چۆن پاڵپشتی ئەمریکا، یان راستتر وێناکردنی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ حیزبە کوردیەکان دەبێتە هۆی پەککەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردوستاندا).

کورد لەلای خۆیەوە خەمی ئەوەیەتی چۆن دڵی ئەمریکا راگرێت. بۆ نموونە لە کاتی نوسینەوەی دەستوردا، کورد رازی بوو بە پێشنیارەکەی برێمەر بۆ فیدراڵیەتی پارێزگاکان. ئەم رازی بوونە رازی بوون نەبوو لە دڵەوە، بەڵکو رازی بوونێک بوو لەبەر دڵی برێمەر. بۆیە کاتێک کە مشتومر، بۆ نوسینەوەی دەستور، دەستی پێکرد لە نێوان هێزە عێراقیەکانا، بەبێ ئامادەبوونی ئەمریکیەکان، لایەنە کوردیەکان پەشیمان بوونەوە لەسەر ئەو جۆرە فیدراڵیەتە. (دیارە چۆنێتی رەنگدانەوەی ئەمە لە سەر نووسینەوەی دەستور بە ئاشکرا دیارە، بەڵام ئێرە شوێنی پیاچونەوەی نیە).

رووداوێکی تر کە لەسەر زمانی پیتەر گابرلیسەوە من وەریئەگرم، لە گفتوگۆیەکی ئەودا لە گەڵ گۆڤاری النخلە-دا. (شایانی باسە گۆڤاری النخلە گۆڤاری خوێندکاران و قوتابیانی، کۆلێژی فلیچەرە لە زانکۆی توفتس لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا). گابرلیس دەڵی لە ساڵی 2005 کورد ویستیان لە رێکەوتی 4 ی حوزەیراندا، کە دەکاتە رۆژی سەربەخۆی ئەمریکا، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ سازکەن. هەموو شتێک ئامادەکراو داوەتنامە بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق نێردرا بۆ ئەوەی میوان بن. باڵوێزخانە رازی بوون، بەڵام کاتێک بۆیان دەرکەوت کە ئاهەنگەکە لە هەولێرە و لەوێش ئاڵای عێراق هەڵناکرێت. بۆیە داوایانکرد ئەوان تەنها کاتێک دێن کە ئاڵای عێراق هەڵکرابێت. پارتی بەمە رازی نەبوو، بۆیە رۆژی 3ی حوزەیران بەرنامەی ئاهەنگەکە وەستێنرا.

ئەم دوو رووداوە روونی ئەکەنەوە کە پەیوەندی ئەمریکا لە گەڵ کورددا پەیوەندیەک نیە لە سەر بنەمای گفتوگۆ و گوێگرتن لە خواستی کورد بونیادنرابێت، بەڵکو زیاتر پەیوەندیەکە کە ئەمریکیەکان داخوازی ئەکەن، وە کوردەکان لە زۆربەی کاتدا جێبەجێ ئەکەن. ئەوە نەبێ لە هەندێ کاتدا بەتایبەت لە کێشەی سادە و سیمبولی دا دەتوانن بەرامبەر ئەمریکیەکان بوەستنەوە. پەیوەندی کورد و ئەمریکا نموونەی جۆرە پەیوەندیەکە کە ئەمریکا ئاوات دەخوازێت کە لەگەڵ سەرتاپا هێزەکانی تری عێراقدا هەیبێت. پەیوەندیەکی پاتریارکیانەی رۆژهەلاتیانە، پەیوەندی باوک و کور.

ئەو نموونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون ئەکەنەوە کە ئەمریکا تا ئێستا پێی باشە عێراق یەک وولات بێت، یەک پارچەبێت وە هێزەکانی ناوی جۆرە هێزێک بن کە گوێرایەڵی ئەو بن، وەک چۆن کور دەبێ گوێراڵی باوکی بێت. ئەمە وێنای عێراقە لە خەیاڵدانی ئەمریکادا. وە ئەمریکا گێلانە و ناشارەزایانە دوای ئەم خەونە کەوتوە. بۆیە پلانی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، پلانێکە کە لە ژێر دروشمی دیموکراسیدایە، بەڵام ئامانجی راستی بریتیە لە خۆشەکردن و راهێنان و دەستەمۆکردنی خەڵک و هێزەکانی ناوچەکە. بە جۆرێک کە ببێتە پانتاییەکی کراوە و نەرم بۆ بەرژەوەندی و ستراتیژیەتەکانی ئەمریکا.

ئیدارەی بۆش بەتایبەت گروپی دیک چینی، کە تا ئێستاش زۆر بە گور دژ بە کۆندی و ئەوانی تر بۆ لێدانی ئێران بانگەشە ئەکات. لە سەرەتاوە بروایان وەها بوو، کە بە هۆی ئەو هێزە سەربازی و تەکنەلۆژیەی کە هەیانە دەتوانن بە سەر هەموو بەربەستەکانا بە ئاسانی سەرکەون. بە مانایەکی تر ئەوان دەتوانن واقیع بخولقێنن. نەک واقیع ناچاریانکات پلانیان بگۆرن. بەڵام ئەوەی هەموان لێی ئاگادارین ئەوەیە کە ئەمریکا سەرەرای بەهێزی هێشتا وولاتێک نیە بتوانێت بچێتە شەرێکی درێژ خایەنەوە. ئەمانە دەگەرێنەوە بۆ سیستەمی حوکم و نەبوونی هیچ ئایدەلۆژیایەک کە وەها لە خەڵکی ئەمریکا بروایان بە کێشە یان دیدێکی

تایبەت هەبێت. بە پێی یاسای بازار هەموو شتێک هەر زوو کۆن دەبێت و بەسەر دەچێت.

کە دووشەم جەنەراڵ پیترەس راپۆرتەکەی لە کۆنگریس پێشکەش ئەکات دونیا گوێ ئەگرێت تابزانێت ئەم جەنەراڵە چی دەڵێت و ئەم قەیرانە ئاڵۆزەی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت. پیترەس دوا هیوایە، بە جۆرێک ئەم جەنەراڵە بوە بە ئایکۆن. هەرچەندە پیترەس لە میانەی کارەکانی تریا سەرتاپا شکستی هێناوە بەڵام ئەمرۆ ئەو بوەتە سلێبریتی یان کەسێکی زۆر ناسراو. پیترەس لێپرسراوی مۆسڵ بوو کە ئەمرۆ ترسناکترین جێگای عێراقە. پیترەس لێپرسراوی راهێنانی سوپا و پۆلیسی نوێی عێراق بوو، کە زۆربەی چەکەکانیان دزراو فرۆشرا.

لە پاش راپۆرتەکەی ئەو ئیتر دیموکراتەکان هەوڵ ئەدەن پلانی خۆیان لە روانگەی ئەو راپۆرتەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی داهاتوو داریژن. کە بە هیوای ئەوەن کە راپۆرتێکی خراپ بێت بۆئەوەی بەبێ دوو دڵی باس لە کشانەوە بکەن. زۆر کەس هەوڵ ئەدەن پێشبینی راپۆرتەکەی ئەو بکەن. هەندێک بەراوردی ئەکەن لە گەڵ نامەی دکتوراکەیا کە لە حەفتاکان لە زانکۆی پرینستن پێشکەشی کرد. کە تێزەکەی دەربارەی شکستی ئەمریکا بوو لە ڤێتنام، کە تیایا پیترەس زۆر راشکاوانە رای خۆی دەرئەبرێت و قسەئەکات. بەڵام زۆری تر گومانیان هەیە ئەو ئێستا هێندە راشکاوانە بدوێ. لە کۆتاییدا پیترەس هەوڵ ئەدات زیاتر سومعەی خۆی بپارێزێ و ئەم بەناوبانگ بوونەی بۆ کاری سیاسی تر لە داهاتوودا بەکاربهێنێت. راپۆرتەکەی پیترەس هەرچۆنێک بێت شەری ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی عێراق شەرێکی دۆراوە. بۆیە تەنانەت ستراتیژیەتەکانیش لە سەردەمی تیرۆردا پێویستیان بە گۆرانە.